# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## مریشك و هەزارپێ



Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin



This work is licensed under a Creative Commons Attribution 3.0 International License.

https://creativecommons.org/licenses/by/3.0



# مریشك و هەزارپێ




Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin


3

کوردی ckb



مریشك و هەزارپێ هاوڕێ بوون، بەڵام هەمیشە حەزیان لێ بوو پێکەوە پێشبڕکێ بکەن. ڕۆژێك پێکەوە یاری تۆپی پێیان کرد بۆ ئەوەی بزانن کامیان باشترین یاریزانە.



پێکەوە چوونە گۆڕەپانی تۆپی پێ و یارییەکەیان دەست پێ کرد. مریشك خێرا بوو، بەڵام هەزارپێ خێراتر بوو. مریشك شەقی لە تۆپەکەی دا و بۆ دوور ڕۆیشت بەڵام تۆپەکە بە شەقی هەزار پێکە دوورتری ڕۆیشت. مریشك هێتا دەهات توڕەتر و توڕەتر دەبوو.



ئەوان بڕیاریان دا کە یارییەکی پەناڵتی جەزا لێدان بکەن. یەکەم جار هەزارپێ گۆڵچی بوو. مریشك تەنیا گۆڵێکی کرد. دواتر نۆرەی مریشك بوو کە گۆڵچی بێ.





لەوکاتەوە تا ئێستا مریشکەکان و هەزارپێکان بوونەتە دوژمنی یەکتر.



هەزارپێ شووتێکی لێدا و گۆڵی کرد. هەزارپێ
دریبلێکی کرد و گۆڵی کرد. هەزارپێ بە سەر
گۆڵێکی کرد. هەزارپێ پێنج گۆڵی کرد.





مریشك ئەوەندە کۆخی تا رشایەوە و هەزارپێی لە
ناو سکی فڕێدایە دەرێ. دایکی هەزارپێ و
منداڵەکەی چوونە سەر دارێکی بۆ ئەوەی خۆیان
بشارنەوە.




مریشکەکە لەبەر ئەوەی دۆڕاندبووی، زۆر تووڕە بوو. ئەو زۆر خراپی دۆڕاندبوو. هەزارپیێ دەستی بە پێکەنین کرد، چونکە هاوڕێکەی گوڕە گوڕی دەکرد.





مریشك ئەرشایەوە. تفی قوتدەدایەوەو فرێی دەدایەوە. دەپشمی و دەکۆخی. دوایی ئەڕشایەوە. هەزارپێیەکە زۆر قێزەون بوو.




مریشك زۆر توورە بوو دەنووکی کردەوە و
هەزراپێیەکەی قووت دا.





دایکی هەزارپێ هاواری کرد: “رۆڵە ئەو فێڵەی بە
کار بێنە کە دەتوانی!” هەزارپێ دەتوانێ بۆنێکی
ناخۆش و تامێکی ناخۆش دروست بکات. مریشك
هەستی بە تێک چوون کرد.



کاتێك مریشك دەچووەوە ماڵێ، چاوی بە دایکی هەزارپێ کەوت. دایکی هەزارپێ لێی پرسی: "منداڵەکەی منت نەدیوە؟" مریشك هیچی نەگوت. دایکی هەزارپێش نیگەران بوو.





پاشان دایکی هەزارپێ گوێی لە دەنگێکی لاواز بوو کە دەیگوت: "دایە یارمەتیم بدە!" دایکی هەزارپێ چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و بە باشی گوێی بۆ دەنگەکە راگرت. دەنگەکە لە ناو مریشکەکەوە دەهات.